# خوردە ئەوێستا

# نوێژ و نیایش



نوسین و کۆکردنەوە و وەرگێڕانی: پیر لوقمان

## بەشی یەکەم

من ئەهورا پەرستم، خاوەنی ئاوەزی چاك و پەیڕەوی زەردەشتم. بەڵێن دەدەم، هەموو هێز و توانای خۆم لەڕێگای بیری چاك و وتەی چاك و کرداری چاك بۆ داکۆکیکردن لە خۆشبەختی و ئاشتی و دژەجەنگ بەکار بهێنم.

# پێشگوتار

هەر پێنج بەشی خوردەئەوێستا، فرامون یەشت و ئەهونەوەر یەشت و سروشواژ و ئەوێستای کوشتی بەستن و برەساد، بەشە هەرە گرنگەکانی ئەوێستای بچوکە. کۆی گشتیی هەر پێنج نوێژ و نیایشەکەی زەردەشتیانی لەخۆ گرتووە و مەرجە لەسەر هەر( مەزدا سەناییەك) زەردەشتییەك ئەم پێنج بەشە ئەزبەر بکات و ڕۆژانە پێنج جار بیانخوێنێت.

نوێژ و نیایشی زەردەشتی ( عیبادەت) یان کۆیلەبوون و بچوکێتی نییە لەبەردەم خودایەکدا و پاڕانەوە و ناڵانەوە و سواڵکردن نییە. بەڵکو، سوپاسگوزاری و بەڵێن و تۆبە( پێپەتی بوونە) لەگەڵ خود دا. واتا چوونەوە ناو خود و سوپاسگوزارییە لەئەهورا مەزدا. پردی پەیوەندییە ڕەوانی و دەرونی و هەستیبەخشییەکانی ناو خودی مرۆڤە بۆ گرێدانەوەیان بە سروشت و ژیان و لەسەرویانەوە ئەهورامەزداوە بۆ گەیشتن بەخۆشبەختی.

سەرچاوەکانی فرامون یەشت و ئەهونەوەر یەشت و سروشواژ و ئەوێستای کوشتی بەستن و برەساد، تێکەڵەیەکن لە گاثاوەکانی زەردەشت و ڕێکخستنیانە لەگەڵ یەسناکان و شیرەوەرگرتنە لە یەشتەکان. بەم پێییە، ئەم بەشانەی خوردە ئەوێستا، زادەی ئەوێستایە و پیران و موبەدانی زەردەشتی بەردەوام لەتەواوی بۆنە و مەراسیمە ئاینییەکاندا دەیخوێنن و هەر نەتەوەیەکیش لەگەڵ زارەزمانی ڕۆژگاری خۆیدا گونجاندویەتی. ئێمەش پێویستە وەك خۆمان بیکوردێنین.

سەرەتای دەستپێکردنم بە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی ( کرمانجی خواروو) گەلێ کێشەم پێش هات، چونکە پێ دەچوو ئەو سەرچاوانەی بەندە بەکارم دەبردن خاوەنەکانیان زمانی ئەوێستاییان بەتەواوی و بەپاراوی نەزانیوە و هەروا سروشواژیان بە دانپێدانانی تەواوەتیی پیتەکان و وشەکان ئەزبەر نەبووە. بۆیە تاکو ئەو دەمەی دەورەی هیربەدیم لە پاریس تەواو نەکرد و بڕوانامەکەم چنگ نەکەوت، نەمتوانی سروشواژ تەواو بکەم. خۆشبەختانە، هەنوکە، بەپشتیوانیی ئەهورای بەخشندە و چاوگی ئاوەز، توانیم بۆ یەکەم جار و پاش ١٤٣٨ ساڵ قەدەغەکردن و خەفەکردنی خەڵکی کورد، جارێکیتر و بەم پەرتوکە ( خوردە ئەوێستا، نوێژ و نیایشەکان، بەشی یەکەم) نوێژ و نیایشە ئاینییەکانی زەردەشتی پەیامبەر بگێڕمەوە ناو خەڵك و بەنیازی ئەوەی ئەم پەرتوکە تاکە سەرچاوەی پیرانی ڕێبەر و زەردەشتیانی بەهدین بێت.

پیر لوقمان

٢٧١٧ ی کوردی

٣٧٥٥ ی زەردەشتی

٢٠١٧ ی میلادی

## فرامون یەشت:

ئەشم ڤەهو، ڤەهیشتەم ئەستی، ئوشتا ئەستی، ئوشتا ئەهمائی، هیەد ئەشائی، ڤەهیشتائی ئەشم.

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە.

## ئـەهونـە وەر:

یـەتا ئـەهو وەئیریۆ. ئـەتا ڕەتوش. ئـەشاد چیت هـەچا. ڤـەنگهێئوش دەزدا. مـەنـەنگـەهۆ شیاوثنـەنام، ئـەنگـەهوش مـەزداییم. خشـەثرەمچا ئـەهورایی. ئا، ییم، دریگۆ بیو، دەدەت، ڤـە ئـەستارەم.

### وەرگێڕانـی بۆ کوردی:

بیرچاکی راستـەقینـە و ڕێبـەری پاك و ڕاست و زاڵبوو بـەسـەر خۆیدا کـەسێکـە کـە گوێڕایـەڵ و پـەیڕەویی یاسای بوون بکات، خـەڵاتـی( وەهومـەن) ئـەندێشـەی چاکی ئـەهورا مـەزدا بۆ کـەسێکـە یاریدەی بێچارە و داماو و لـێ قـەوماوان بدات.

## سروش واژ:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

خشنەثراو ئەهورەێ مەزداو

ئەشم ڤەهو ڤەهیشتەم ئەستی، ئوشتا ئەستی، ئوشتا ئەهمائی، هیەد ئەشائی، ڤەهیشتائی ئەشم. ( ٣ جار دەخوێندرێت)

فرەڤەرانێ مەزدویەسنو زەرەتۆشتریش، ویدیائو ئاهورەێ تکەشیو.

## بۆ کاتی بەیانی ( هاوەن، هاڤانێ):

هاوەنێ، ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە. ساوەنگەهێ وسیائیچە. ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بەخۆشبەختیی ئەهورا مەزدا

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ٣ جار)

ئاینی مەزداپەرستی هەڵدەبژێرم کە هاوردەی زەردەشتە و دژی دێوپەرستی و دینێکی ئەهورایییە.

فریشتەی زێڕەڤانی ( هاوەن) بەیانیی پاك و ئاوەدان کەرەوە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم. . ( بە ویس) سەرداری گوند، کە بڵاوکەرەوەی دادپەروەری و ئاوەدانییە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم.

## بۆ کاتی نیوەڕۆ ( ڕەپیتوەن):

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

خشنەثراو ئەهورەیٚ مەزداو

ئەشم ڤەهو ( ٣ جار دەخوێندرێت)

فرەڤەرانێ مەزدویەسنو زەرەتۆشتریش، ویدیائو ئاهورەیٚ تکەشیو.

ڕەپیت وینائی، ئەشانەیٚ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە. فرادەت فشەویٚ زەنتومائیچە. ئەشانەیٚ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە.

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بەخۆشبەختیی ئەهورا مەزدا

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ٣ جار)

ئاینی مەزداپەرستی هەڵدەبژێرم کە هاوردەی زەردەشتە و دژی دێوپەرستی و دینێکی ئەهوراییە.

فریشتەی زێڕەڤانی ( ڕەپیتوەن) نیوەڕۆی پاك و ئاوەدان کەرەوە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم. . ( بە زەنتومە) سەرداری شار، کە بلاوکەرەوەی دادپەروەری و ئاوەدانییە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم.

## بۆ کاتی نیوەی دەمی ئێوارە( ئوزیرەن)

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

خشنەثراو ئەهورەێ مەزداو

ئەشم ڤەهو ( ۳ جار دەخوێندرێت)

فرەڤەرانێ مەزدویەسنو زەرەتۆشتریش، ویدیائو ئاهورەێ تکەشیو.

ئوزیەئێ ڕینائی، ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە. فرادەت ویرائی، دەخیومائیچە. ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە.

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بەخۆشبەختیی ئەهورا مەزدا

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ۳ جار)

فریشتەی زێڕەڤانی ( ئوزیرەن) سەرلەئێوارەی پاك و ئاوەدان کەرەوە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم. بە دەخیومە) سەرداری سەرزەمین، کە بڵاوکەرەوەی دادپەروەری و ئاوەدانییە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم.

## بۆ کاتی ئێوارە لەخۆرنشین تاکو ئەنگوستەچاو( ئەئیوی سروترەم):

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

خشنەثراو ئاهورەئ مەزداو

ئەشم ڤەهو ( ۳ جار دەخوێندرێت)

فرەڤەرانێ مەزدویەسنو زەرەتۆشتریش، ویدیائو ئاهورەئ تکەشیو.

ئەئیوی سروترەمائی ئەئیبی گیائی، ئەشانەئ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە. فرادەت ڤیسپام، هوج یائیتەی، زرەثوش تروتە مائیچە. ئەشانەئ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە.

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بەخۆشبەختیی ئەهورا مەزدا

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ۳ جار)

.فریشتەی زێڕەڤانی (ئەئیوی سروترەم) خۆرنشینی پاك و ئاوەدان کەرەوە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم، بەسەرتاپا ژیانی خۆشبەختیی زەرەتۆشتی پێشەوای ڕۆحانی، بڵاوکەرەوەی دادپەروەری و ئاوەدانییە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم.

## بۆ کاتی نیوەشەو تاکو سپێدە( ئوشەهین)

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

خشنەثراو ئاهورەێ مەزداو

ئەشم ڤەهو ( ٣ جار دەخوێندرێت)

فرەڤەرانێ مەزدویەسنو زەرەدۆشتریش، ویدیائو ئاهورەێ تکەشیو.

ئوشەهێ نائی، ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە. بریجیائی، نمانیائیچە. ئەشانەێ ئەشەهی ڕەتوە. یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشنەثرائیچە. فرەسەستەئیچە.

### وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بەخۆشبەختیی ئەهورا مەزدا

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ٣ جار)

فریشتەی زێڕەڤانی (ئوشەهین) سپێدەی پاك و ئاوەدان کەرەوە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم. بە کەدخودای چاك ئەندێشە، بڵاوکەرەوەی دادپەروەری و ئاوەدانییە، ستایش و خۆشحاڵ دەکەم و ڕێزی لێ دەگرم.

سراشەیێ، ئەشەیێ، تاخمەیێ، تەنو مانثرەیێ، دەرثەیێ، دەرەئوشێ، ئاهوئیریەیێ، خشناثراو، یەسنائیچە، وەهمائیچە، خشناثرائیچە، فرەسەستە ئیچە.

یەتا ئەهو، وە ئیریۆ، زەئوتا، فرامێ، مروتێ. ئەتا، ڕەتوش، ئەشات چیت، هەچا. فراشەوێ، ویذواو مراتۆ.

ئەهونیم وئیریم تەنوم پائیتی ( ٣ جار)

یەتا ئەهو وەئیریۆ. ئەتا ڕەتوش. ئەشاد چیت هەچا. ڤەنگهێئوش دەزدا. مەنەنگەهۆ شیاوثنەنام، ئەنگەهوش مەزداییم. خشەترەمچا ئەهورایی. ئا، ییم، دریگۆ بیو، دەدەت، ڤە ئەستارەم.

کیمنا، مەزدا، موایتی، پایوم. دەدەت، هیەت، ما، دریگواو، دیدەریشەتا، ئەئینەنگەهێ.

ئەنییم، ثوەهمات، ئاثرەسچا، مەنینگەهەسچا، یەیاو، شیەئوثنائیش، ئەشیم، ثرەئوشتا، ئەهورا.

تام، موئی، دانس توام، دەئینەیائی، فراوەئوچا.

کێ، ویریثرەم، جا، ثوا، پوئی، بیسنگها، یوئی هەنتی.

چیژا موئی، دام، ئەهوم بیش، ڕەتوم، چیژدی ئات، بەهوئی، ڤەهو، سراشۆو، جەنتۆ، مەنەنگەها، مەزدا ئەهمائی، یەهمائی، وەشی، کەهمائی چیت.

پاتە، نۆ، دەبی شیەنتەت، پەئیری، مەزداوسچە، ئارمەئی تیشچە، سپین تەسچە.

نەسێ، دەئیوی، درۆخش، نەسێ، دەئیواو، چیثرە، نەسێ، دەئیواو، فرەکرەشتێ، نەسێ، دەئیواو، فرەدائیتی.

ئەپە، درۆخش، نەسێ، ئەپە، درۆخش، دوارە. ئەپە، درۆخش، وی نەسێ، ئەپاخذرێ، ئەپە نەسیهێ، ما، مێرین، چەئینیش، گیئەثاو، ئەست وەئیتیش نەسەهێ.

نەمەسچا، یا، ئارمەئیتیش، ئیثراچا. ( ٣ جار)

یەسنیمچە، وەهمیمچە، ئەئوجەسچە، زەوەریچە، ئافەرینامی، سراشەهێ، ئەشەهێ، تەخمەهێ، تەنومانثرەهێ، دەرشێ، دەرەئوش، ئاهوئیریەهێ.

ئەشم ڤەهو ( تاکۆتایی خوێندن).

ئەهمائی، ڕەئیشچە، خوەرینەسچە،

ئەهمائی، تەنۆ، دروەتاتیم،

ئەهمائی، تەنۆ، وەزدوەرێ،

ئەهمائی، تەنۆ، ویریثریم،

ئەهمائی، ئیشتیم، پەوروش، خواثرام،

ئەهمائی، ئاسنام چیت، فرەزەئین تیم،

ئەهمائی، دەریغام، دەریغۆجیتیم،

ئەهمائی، ڤەهیشتەم، ئەهوم، ئەشەئونام، ڕۆچینگەهام، ڤیسپو، خواثریم.

ئەشم ڤەهو ( تا کۆتایی خوێندنەوەی).

هەزەنگەرم بەئیشەزەنام، بەئیوەری بەئیشەزەنام( ۳ جار).

ئەشم ڤەهو( تا کۆتایی خوێندنەوەی).

جەسەمێ ئەونگەهێ مەدا (۳ جار)

ئەمەهێ، هوتاشتەهێ، هوەرێ ئەذەهێ، وەریثرەغنەهێ، ئاهورەیێ ذاتەهێ، وەنەئین تیاوسچە، ئوپەرەتاتۆ.

تواشەهێ، خەذاتەهێ، زەروانەهێ، ئەگرەنەهێ، زەروانەهێ، دریغۆ، خەذاتەهێ.

ئەشم ڤەهو( تاکۆتایی خوێندنەوەی).

زەدەنێ، نەسوش، زیدارێ، دیڤ و دروج، پاکی تەنێ ئەشوئی، ڕەوان خویش. ( ۳ جار).

ئەشم ڤەهو ( تا کۆتایی خوێندنەوەی.

## وەرگێڕانی بۆ کوردی:

ستایشی سروشی پاك ( فریشتەی سرود و فەرمایشتەکانە) دەکەم، کەبەهێز و توانایە و گوتەکانیئەهورا مەزدای ئافەریدەکار تاکە سەرچاوەیەتی.

هەر وەکو ئەوەی ( ئەهو) سەرداری هەست و ( زەوەت) ڕێبەری موبەدان بەمنی گوت، بەهەمان شێوە (ڕەد) ڕێبەری ڕۆحانیی ئەشایی، وەڵامی دایەوە، مرۆڤی پاك دین، دانا.

( ئەهونیم) نەمادی تەندروستی و پاسەوانی جەستەیە. وەڵامم بدەنەوە ئەی یەکتا پەرستان، کەتوانایی سروش چۆنە؟ ( ٣ جار)

بیرچاکی راستەقینە و ڕێبەری پاك و ڕاست و زاڵبوو بەسەر خۆیدا کەسێکە کە گوێڕایەڵ و پەیڕەویی یاسای بوون بکات، خەڵاتی( وەهومەن) ئەندێشەی چاکی ئەهورا مەزدا بۆ کەسێکە یاریدەی بێچارە و داماو و لێ قەوماوان بدات. ( ١ جار)

ئەوکات کە پەیڕەوانی درۆ، تورە و بێبەزەییانە هەڕەشەم لێ دەکەن، تەنها تۆ ئەی ئەهورا مەزدا، هێزی ئەهورایی کە تۆ بە هزر و ئەندێشەی چاکەوە بە منت بەخشیوە بێگومان کردەی چاکی من کەلەگەڵ ڕاستی و یاسای هەرمانیی تۆ هاوتەبایە من ڕزگار دەکات.

ئێستا ئیدی ئەی مەزدا، جگە لە نیایش و ناوی تۆ، جگە لە ڕۆشنایی ڕێبازی تۆ، کێیە ئەو کەسەی کەلە درۆ و درۆزنان پارێزگاریم لێ دەکات؟ ئای ئەهورا، ئاگادارم بکە کێیە ئەو کەسەی هەڵبژاردەی تۆیە و لەخراپەکاران ڕزگارمان دەکات نیشانم بدە، ئومێدی بیری خاس و کامەرانیی بۆ دەخوازم. وەك ئەو شێوەیەی خۆت خواستاریت.

ئێمە لە بەدەکان چاودێری بکە ئەی مەزدا، ئەی سپەندارمەزد( هێزی میهر( خۆشەویستی و بەخشندەیی).

نابود بوو دێوی درۆکار. لەناوچوو دێو نەژاد. لەناوچوو یاسای دێو. نابود بوو ڕاگری دێو. ئەی دێو لەناوچۆ. ئەی دروج لەناوچۆ. ئەی درۆ سەرنگون بە. ڕاستەوخۆ لەناوچۆ ئەی درۆ. بەڕووی باکور لەناوچۆ. نەوەکو تۆ جیهانی خاکی ئەشوئی لەناوبەریت.

ستایش پێشکەشی ئارمەیتی ( فریشتەی خۆشەویستی) و بنچینەی باوەڕ ( ٣ جار)

بیرچاکی راستەقینە و ڕێبەری پاك و ڕاست و زاڵبوو بەسەر خۆیدا کەسێکە کە گوێڕایەڵ و پەیڕەویی یاسای بوون بکات، خەڵاتی( وەهومەن) ئەندێشەی چاکی ئەهورا مەزدا بۆ کەسێکە یاریدەی بێچارە و داماو و لێ قەوماوان بدات. ( ٢ جار)

ستایش و نیایش و هێز و زۆر و ئافەرین پێشکەش دەکەم بە ( سروش ) ی ئەشۆئی کە چالاك و ئازا و دلێریی سەر ڕووی جەستەی درەخشانی ئەهوراییە.

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ١ جار)

بۆ ئەو فەڕ و شکۆ و ڕوناکی. بۆ ئەو تەندروستیی باش. بۆ ئەو پایەداریی جەستە. بۆ ئەو پیرۆزیی جەستە. بۆ ئەو بۆ کۆتری ئاسمانی و سەرمایە و شادمانی. بۆ ئەو بۆ ناوبانگی و سامان و شادمانی. بۆ ئەو سەربەرزی و ژیانی جاویدانی. بۆ ئەو گیان و هەستی پاکان و ڕۆشنایی سەرتاپا بەهەشت.

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ١ جار)

هەزاران تەندروستیی باش دەخوازم. بێکۆتایی تەندروستیی باش دەخوازم( ٣ جار).

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ١ جار)

یار و یاوەرم بە ئەی مەزدا ( ٣ جار).

بە ئام ( ئیزەدی جوانی) ڕازاوە پەیکەر و ڕستە شیرین. بە وەرەهرام ( ئیزەدی سەرکەوتن) کەئەهورا مەزدا بەخشیوێتی درود و ستایشم پێشکەش. بە ڤەننەت( ئەستێرەی پاکی) و دەستی بەهێز، درود و ستایشم پێشکەش. بە سپهەری جاویدانەگی درود و ستایشم پێشکەش. بە جیهانی خاکی و جاودیدانەگی درود و ستایشم پێشکەش.

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ١ جار)

ئەو خۆشبەرە، هێزی جەستە و ناخ. کە ئافراندنی تۆیە. سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر گەنیدا بەدی دەهێنێت. خەڵاتی جەستەیەکی ساخ و خۆشبەختییە. بەدرێژایی ژیان و بوون زاکوتی هەرگیز نەگۆڕی تۆ دەمێنێتەوە. بە من ببەخشە. ( ٣ جار).

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە. ( ١ جار)

# ئەوێستای پشتوێن بەستن:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

هومەتە( بیری چاك)، هوختە( وتەی چاك)، هڤەرشتە( کرداری چاك). مەنشنی و گوشنی و کونشنی و تەنی و ڕەوانی و گێتی و مینو. لە هەموو تەرزی گوناهێك ئەواخش و پەشیمان و پیە پەتیتەم( پێپەتیم).

لە هەر جەستە و گوتە و کردە و مەنیدە و گوێلێبوون و فەرمودە. لە هەموو تەرزی گوناهێ ئەواخش و پەشیمان و پیەپەتیتەم.

شکست خواردوو بێت ئەهریمەن ( ٣ جار).

شکست خواردوو و لەناو بچێت تاوانی مینۆیی درۆمەند. لەگەڵ هەموو دێوان و دروجان و جادوگەرانی گوجەستە ( نەفرەت لێکراو)، لە ناو دۆزەخی تاریکدا بێسەروشوێن بن. بەجۆری سەرنگونی مەرگ بن.

هیچ کارێك لەگەڵ ئارەزووی ئەواندا سەرنەگرێت. هەر کار و کردارێکی باش کەسەربگرێت پەنا بەخواستی ئورمەزدی ئافرێنەر و ئەمیشاسپەندانی پیرۆزگەر بێتەدی.

هەستی بەخش و بوونی دینی پاکی ئورمەزد ئارەزوومەندانە پیرۆز بێت. مەزن و پاك و پیرۆز بێت. بانگ بۆ ئورمەزدی بەخشایندە و بەفەڕ و بەئاگا.

خشنەثراو، ئاهورەئێ، مەزداو، تەروئی دیتی، ئەنگرە، مەئین یەئوش، هەئی تیا ورشتام، هیەت، ڤەسنا، فرەشوتیمیم، ستەئومی، ئەشیم، خشنەثراو، ئاهورەیێ، مەزداو.

ئەشم ڤەهو ( ١جار).

یەتا، ئەهو، وەئیریۆ ( ٢ جار)

ئەشم ڤەهو ( ١ جار)،

مەزدە یەسنو، ئەهمی، مەزدە یەسنو، زەرەثوشتریش، فرەڤەرانێ، ئاستوتەسچا، فرەڤەرێ تەسچا، ئاستویێ، هومەتیم، مەنۆ، ئاستویێ، هوختم، ڤەچۆ، ئاستویێ، هوەریشتم، شیائەثنیم.

ئاستویێ، دەئینام، ڤەنگوهیم، مازدویەسنیم، فرەسپایە ئوخیذرام، نیذاسنەئێ ثیشیم.

خوئیت ڤەدەتام، ئەشەئونیم، یا، هائیتی نامچا، بوش یە ئین تی نامچا، مەزیشتاچا، وەهیشتاچا، سرەئیشتاچا، یا، ئاهوئیریش، زەرەثوشتریش.

ئەهورائی، مەزدائی، ڤیسپا، ڤەهو، چینەهمی.

ئەئیشا، ئەستی، دەئینەیاو، مازدە یوسنۆئیش، ئاستوئی تیش.

جەسە، مێ، ئەوەنگەهێ، مەزدە( ٣ جار).

ئەمەهێ، هوتاشتەهێ، هوەرێ ئەذەهێ، وەریثرەغنەهێ، ئاهورەیێ ذاتەهێ، وەنەئین تیاوسچە، ئوپەرەتاتۆ.

تواشەهێ، خەذاتەهێ، زەروانەهێ، ئەگرەنەهێ، زەروانەهێ، دریغۆ، خەذاتەهێ.

ئەشم ڤەهو( ١ جار).

هەما زۆریم، هەما زۆری هەما ئەشوبین، هەمازۆری ویش کیرفەبین، هەم کیرفەئێ کیرفەکاران بین، دوور لە گوناهی گوناهکاران بین، هاو کرفەئێ کەشی بەستان و چاکەکاران و هەر حەوت کیشوەر زەمین بین.

بەسەر گوزەری چینوەد، پردی مەزن و سوك و سەرشاد و ئاسانمان ویدوارنی یا داداد ئورمەزد.

ئوانێ فەشوم ئەخوانێ ئەشوانێ، ڕۆشن گروثمان هەماخارەمان، ئەوەر ڕەساد یادادار ئورمەزد.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار).

خرەویژەیێ وەهدین مازدیسنان ( ٣ جار).

ئەشم ڤەهو ( ١ جار).

درود و ئاوات و خۆزگەم بۆ  ئورمەزد و ئەمیشاسپەندان. پیرۆز و پیرۆزتر بێت.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار).

## وەرگێڕانی بۆ کوردی:

بەناوی ئورمەزدی بەخشایندەی بەخشایشگەری میهرەبان

بیری چاك و گوتەی چاك و کرداری چاك ستایش دەکەم. بەئەندێشە و گوتار و کردار، بەجەستە و بە ڕەوان، لەجیهانی خاکی و مینۆیی، لەهەر گوناهێك کەبەسەرمدا تێپەڕیوە، لەهەموو تەرزی گوناهێك پەشیمانم و لەبەرامبەردا پێپەتیم.

لەهەر گوناهێك کەتێیدا تاوانبارم، گوتومە و کردومە و بیرم لێ کردۆتەوە، گوێم لێ بووە یان فەرمانم کردووە، لەهەموو تەرزی گوناهێك، پەشیمان و پێپەتیم.

شکستخواردووبێت ئەهریمەن ( ۳ جار).

شکستخواردوو و لەناوبچێت تاوانی ئەندێشەگەرایی ئەهریمەنی درۆکار، لەگەڵ هەموو دێوان و درنجان و جادوگەرانی نەفرەت لێکراو کۆتاییان پێبێت. لە ناو دۆزەخی تاریکدا بێسەروشوێن بن. بەخت ون و سەرنگونی مەرگ بن.هیچ کارێك لەگەڵ ئارەزووی ئەواندا سەرنەگرێت. هەر کار و کردارێکی باش کەسەربگرێت پەنا بەخواستی ئورمەزدی ئافرێنەر و ئەمیشاسپەندان ( هێزە نەمرە ئەهوراییەکان) ی پیرۆزگەر بێتەدی. هەستی بەخش و بوونی دینی پاکی ئورمەزد ئارەزوومەندانە پیرۆز بێت. مەزن و پاك و پیرۆز بێت. بانگ بۆ ئورمەزدی بەخشایندە و بەفەڕ و بەئاگا.

شادکردنی ئەهورا مەزدا و پەستکردنی ( ئەنگرە مینۆ) ئەهریمەن، لەبەرامبەر توانای خاس کرداران لەباشترین ئەو کردەوانەیە و ستایشی دەکەم.

ئەشم ڤەهو ( ۱ جار) ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە.

یەتا ڤەهو ویریۆ ( ۲ جار) بیرچاکی راستەقینە و ڕێبەری پاك و ڕاست و زاڵبوو بەسەر خۆیدا کەسێکە کە گوێڕایەڵ و پەیڕەویی یاسای بوون بکات، خەڵاتی( وەهومەن) ئەندێشەی چاکی ئەهورا مەزدا بۆ کەسێکە یاریدەی بێچارە و داماو و لێ قەوماوان بدات.

ئەشم ڤەهو ( ۱ جار) ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە.

من ئەهورا پەرستم، خاوەنی ئاوەزی چاك و پەیڕەوی زەردەشتم. ستایشی ئەندێشەی چاك دەكەم كە چاوگی ئاوەزی باشە. ستایشی گوتەی چاك دەكەم كە چاوگی وتاری بەنرخە. ستایشی كرداری چاك دەكەم كە چاوگی ڕەوشتی بەرزە. بەڵێن دەدەم، هەموو هێزوتوانای خۆم لەڕێگای بیری چاك و وتەی چاك و كرداری چاك بۆ داكۆكیكردن لە خۆشبەختی و ئاشتی و دژەجەنگ بەكار بهێنم و ستایشی دینی مەزدیسنی دەكەم. ئەودینەی كە ئێستا و داهاتوو چاكترین وباشترین و بەرزترینە كە دینی مەزدایی و زەردەشتییە. هەموو بیروباوەڕێكی جوان و چاك ئەهورایی مەزداییە. بیرو ئەندێشەی مەزدیسنی، ڕاستی و ویژدانی بەئاگایە.

یار و یاوەرم بە ئەی مەزدا ( ٣ جار).

بە ئام ( ئیزەدی جوانی) ڕازاوە پەیكەر و ڕستە شیرین. بە وەرەهرام ( ئیزەدی سەركەوتن) كەئەهورا مەزدا بەخشیوێتی درود و ستایشم پێشكەش. بە ڤەننەت( ئەستێرەی پاكی) و دەستی بەهێز، درود و ستایشم پێشكەش. بە سپهەری جاویدانەگی درود و ستایشم پێشكەش. بە جیهانی خاكی و جاودیدانەگی درود و ستایشم پێشكەش.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار) ڕاستی چاكەیە، شادمانییە، چاكترین چاكەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو كەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەكات بە پیشە.

هاوپەیوەندبین. با هەموو ئەشەڤانان كۆببینەوە و ببین بەیەك. لەكاری ڕاستی چاكیدا هەرەوەز بین. با خاس كرداران لەكاری خاسدا هاوكار و هاویار بین. لە گوناهی گوناهكاران دووركەوینەوە. با زەردەشتیان ( ئەوانەی پشتوێنی زەردەشتیان بەستووە) و خاسان و چاكان و هەر حەوت كیشوەر زەمینەكە هاویاری یەكتری بین.

ئەی ئورمەزدی بەخشندە، لەكاتی گوزەركردن بەسەر پردی چینوەتدا ئێمە بەئاسانی و خۆشحاڵی، بەشادمانی و ئاسانی گوزەرمان بكە. بەو باشترین هەستە پاكە ڕۆشنانەی گروثمان ( ماڵی سرودە ئەهورابیەكان) ئێمە بگەیەنە بە دۆخی هەمیشەیی گەشی.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار) ڕاستی چاكەیە، شادمانییە، چاكترین چاكەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو كەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەكات بە پیشە.

پیرۆزبێت ئاوەز و وێژەی بێهدینانی مەزدیسنان ( سێ جار)

ئەشم ڤەهو ( ١ جار) ڕاستی چاكەیە، شادمانییە، چاكترین چاكەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو كەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەكات بە پیشە.

درود و ئاوات و خۆزگەم بۆ ئورمەزد و ئەمیشاسپەندان. پیرۆز و پیرۆزتر بێت.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار) ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە.
بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە.

# گەیشتن:

بگات و پەسەندی بکات و بنیوشاد دادار ئورمەزد.

پەسەندی یەزدان بێت، هیارەئێ خاس کرداران بگات.

بەخۆشوەشی مینۆیی دادار ئورمەزدی ڕایۆمەند و ئاوەزمەند.

بەخۆشوەشی مینۆیی ئورمەزدی بەئاگای سەدی ویسپی شام.

بەخۆشوەشی مینۆیی وەهومەن و ماونگ و گیئوش و رامەن.

بەخۆشوەشی مینۆیی ئەشەوەهیشتەی بڵند و ئاثەر و سرەوئوش و وەئیرەئەرغەن.

بەخۆشوەشی مینۆیی خشەثراوەئیریۆ و هورەخشئەت و میثرا و ئەسمەن و ئەنەفەر ڕەئوچاو

ئەنەغری ڕۆشنگای خودا.

بەخۆشوەشی مینۆیی سپەنتە ئارمەئیتی و ئەپەم و دەئینا و ئەشی وەنگوهی و مانثرەسپەند.

بەخۆشوەشی مینۆیی هەئوروەتات و تیشتریا و وەت و فرەوەشی

بەخۆشوەشی مینۆیی ئەمیرەتات و ڕەشت و ئەرشتاد و زەم.

بەخۆشوەشی مینۆیی دەمی هاوەن و ڕەپیتوەن و ئوزیرەن و ئەئیوی ثروترەم و ئوشەهین ئاوابێت.

بەخۆشوەشی مینۆیی کاتی گاتابیۆ، ئەهنەوە، ئوشتەوەد، سپەنتەمەد، وەهوخشەتر، وەهیشتیوایش ئاوابێت.

بەخۆشوەشی مینۆیی هوم ئیزەد، بورز ئیزەد نیریۆسنگ ئیزەد، دەهمان و وەهان ئافەرین ئیزەد.

بەخۆشوەشی مینۆیی کاتی گاهانبارەکان،

کاتی میدیۆزەریم، کاتی میدیۆ شەیم، کاتی پیتە شەهیم، کاتی ئەیاسیرم، کاتی مید یاریم، کاتی هەمەس پەث میدیم ئاوا بێت.

بەخۆشوەشی ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتن و ڕوناکی ڕۆژی ....... مانگی پیرۆز، مانگی..... کاتی...... .

بگات و پەسەندی بکات دادار ئورمەزد ، شیرین بێت، ئاوابێت، تەرەج بێت.

ئەشم ڤەهو ( ١ جار).

## ساڵنامەی زەردەشتیان

لەساڵنامە و ڕۆژژمێری کوردی و زەردەشتیدا، کەلەسەردەمی دیاکۆی شاهەمشای میدەکاندا نووسراوەتەوە و تاکو ئێستا وەك خۆی و بەبێ دەستکاریکردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی بەکاری دەهێنین، ساڵ، دابەش دەبێت بە سەر ١٢ مانگدا و هەر مانگێکیش ٣٠ ڕۆژە و کۆی گشتیی دەکاتە ٣٦٠ ڕۆژ و پێنج ڕۆژی کۆتایی بەناوی ( پێنجە (وە دەمێنێتەوە کەناوەکانیان بەناوی هەر پێنج بەشەکەی گاتاکانی زەردەشتەوە کراوە ( ئەهنەوەد، ئەشتەوەد، سپەندارمەند. وەهوخشەتر، وەهشتیوایش) و بەم پێیە کۆی ڕۆژەکانی ساڵ دەکاتە ٣٦٥ ڕۆژ و هەر ساڵێکیش شەش کاتژمێر زیاد دەبێت و بەهەر چووار ساڵێك دەکاتە ڕۆژێك و پێی دەوترێت ( ئەوەرداد) و بە ١٢٠ ساڵ دەبێتە مانگێك و ناوی ( بەهژیک) ە. ٣٠ ڕۆژەکەی تریش هەر یەکەو ناوێکی هەیە کەلە یەکەمەوە تاکو ٣٠ دەست پێ دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەهورا مەزدا ( پەروەردگار)

٢- وەهومەنە ( ئەندێشەی چاك)

٣- ئەشەڤەهیشتە ( ڕاستیی باڵا)

٤- خشەترا وەئیریۆ ( خود پادشایی)

٥- سپەنتە ئارمەئیتی ( فڕین بەرەو بەرزی)

٦- هەئور وەتات ( تەندروستی)

٧- ئەمیرەتات ( بێمەرگی)

٨- دەنوش ( ئافەریدەگاری ئاگر)

٩- ئاثەر ( ئاگر)

١٠- ئەپەم ( ئاو)

١١- هورە خشئەت ( خۆر)

١٢- ماونگە ( مانگ)

١٣- تیشتریا ( باران)

١٤- گیئوش ( هەست)

١٥- دەئوش ( پەیمان ئاوەر)

١٦- ( پەیمان)

١٧- سرەئوش ( بەرپرسیارێتی)

١٨- ڕەشتو ( دادوەری)

١٩- فرەوەشی ( هێزی پێشکەوتن )
٢٠- وەئیرە ئەرغەن ( سەرکەوتن )
٢١- رامەن( بنیادنان )
٢٢ -وەت ( با )
٢٣ -دەئوش ( ئافەریدگاری ویژدان )
٢٤ -دەینا ( ویژدان )
٢٥ -ئەشی وەنگوهی ( توانایی )
٢٦ -ئەرشتاد ( راستی )
٢٧ -ئەسمەن ( ئاسمان )
٢٨ -زەم ( زەوی )
٢٩ -مانثرەسپەند ( گوتاری ئاسمانی )
٣٠ -ئەنەفەر رەئوچاو ( رۆشنایی بێ پایان )

لەساڵنامەی زەردەشتیدا، دوانزە مانگ هەیە و ناوی هەر مانگێك کە بەرامبەر بەناوی هەر رۆژێکی مانگ یەکسان بوون و بوون بەیەك، ئەوا دەبێتە جەژن.

ناوی مانگەکان:

فرەوەشی، ئەشەڤەهیشتە، هەئوروەتات، تیشتریا، ئەمیرەتات، خشنەثرا وەئیریۆ، ، ئەپەم، ئاثەر، دەنوش، وەهومەنە، مانثرەسپەند.